## هەژار موکریانی

لە ماڵپەڕی بۆکان - ڕۆژهەڵاتدا وتارێک لە چەند بەشدا بڵاو بۆتەوە کە کاک "ئاسۆ" نووسیویەتی و سەبارەت بە شیعری "بەرەو موکریان" ی هەژاری نەمرە. واهەیە "ئاسو" کاک سەعید نەجاڕی بێت و بەرەو موکریانیش ناسیاوی هەموو لایەکمان هەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا شیعری هەژار لە لایەن هەندێک تاقەم و لایەنەوە بە دەستەقەسد کەم نرخ نیشان دراوە و ئەوە لەو زوڵمانەیە کە کورد لە مێژووی خۆی دەکات، ئاشکرایە سیاسەت و لایەنی سیاسی لەپشت ئەم بۆچوونە بەراوەژووەن.

ئاسۆ لە وتارەکەیدا دەیەوێت ئەم کارە بەراوەژووە ڕاست بکاتەوە و بایەخی پێویست بە هەژار و شیعرەکەی بدات و هەر بۆیەش یەک لە ناسراوترین شیعرەکانی مامۆستای بۆ نموونەی بۆچوونی خۆی هەڵگرتووە.

سەرەتای وتارەکە هەندێک دوورو درێژە و ڕاستەوخۆ نەچۆتە ناو باسەکەوە، بەڵام درەنگتر کاتێ دەچێتە باسی شیعری هەژار و بەرەو موکریانەوە، باش لە مەسەلەکە دەکۆڵێتەوە. شایانی باسە وتارەکە هەڵەی چاپی گەلێک زۆرن و وا دەردەکەوێت کە ئەو پەتاپیسەیە دەست لە یەخەی چاپەمەنی کوردی ناکاتەوە!

وتارەکە لە ماڵپەڕی "سیروان" وەرگیراوە و بە دوو هۆ پەیوەندی بە بۆکانەوە هەیە: یەکەم مامۆستا هەژار، وەک لە بەشەکانی پێشتری ئەم زنجیرە وتارەدا گوتراوە، بۆ ماوەیەک لە سەردەمی لاوییدا لە بۆکان ژیاوە و وەک نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستان لە بۆکانەوە بەشداریی یەکەم کۆنگرەی حزبەکەی لە مەهاباد کردوە. دووهەم، نووسەری وتارەکە - کاک ئاسۆ خۆی بۆکانییە.

ئەوەش دەقی وتارەکە:

## شێعرێك لە ترۆپکی شێعری کوردیدا          " بە رە و موکریان"ی  هە ژار

نووسینی: ئاسۆ-بە شی یە ک-

زۆر جار لە ئە ملا و ئە و لام بیستووە کە دە ڵێن هە ژار شاعیر نە بوو. شیعری چاکی نییە. هە ر وە رگێران و نە سری قە ویيە. هە ر باسە واد بوو. هە ر عە رە بی زان بوو، دە نا ناگاتە هێمن. خودا عە فووی کا بۆ خۆشی لە بە ر شکستە نە فسی چە ن جار لە موساحە بە کانی فە رمووی: »ئە من شاعیر نیم«. ئە م قسە یە چووە تە گوێی دڵرە قانی شێعر نە ناسی ئە مهك نە زانێ کە خزمە تە کانی هە ژار بە ئە دە بی کوردی چ لە مدیو چ لە و دیو کە مرە نگ دە کە نە وە و لە سە ر جە ستە ی ئە م گوناحە گە ورە هە ندێ ڕادە وە ستن تا خە ڵك تۆزێ بیان بینێ. ئە وانە ی لە نزیکە وە لە گە ڵ مامۆستا دانیشتبێن دە زانن ئە و رە حمە تیە ناوو شۆرە ت و زە م وتە عریفی وە لا نابوو و گە یشتبووە ئاستێ لە مە عریفە ت و شناختێ لە دونیا و سیاسە ت و

ئه ده ب كه وه ك هه لۆیه ك له به رزایی ڕا هه موو شتێكی له ژێر باڵی خویدا ده دیت. به تایبه
ت قسه ی دژكاره كانی هه روه ك قسه به عاسمان گوتن ده هاته به ر چاو.

زۆر جار له ئه ملا و ئه و لام بیستووه كه ده ڵێن هه ژار شاعیر نه بوو. شیعری چاكی نییه. هه
ر وه رگێڕان و نه سری قه وییه.
هه ر باسه واد بوو. هه ر عه ره بی زان بوو، ده نا ناگاته هێمن. خودا عه فووی كا بۆ خۆشی
له به ر شكسته نه فسی چه ن جار له موساحه به كانی فه رمووی: »ئه من شاعیر نیم«. ئه م
قسه یه چووه ته گوێی دڵره قانی شێعر نه ناسی ئه مهك نه زانێ كه خزمه ته كانی هه ژار به ئه
ده بی كوردی چ له مدیو چ له و دیو كه مڕه نگ ده كه نه وه و له سه ر جه سته ی ئه م گوناحه
گه وره هه ندێ ڕاده وه ستن تا خه ڵك تۆزێ بیان بینێ. ئه وانه ی له نزیكه وه له گه ڵ مامۆستا
دانیشتبێن ده زانن ئه و ره حمه تیه ناوو شۆره ت و زه م وته عریفی وه لا نابوو و گه یشتبووه
ئاستێ له مه عریفه ت و شناختێ له دونیا و سیاسه ت و ئه ده ب كه وه ك هه لۆیه ك له به
رزایی ڕا هه موو شتێكی له ژێر باڵی خویدا ده دیت. به تایبه ت قسه ی دژكاره كانی هه روه ك
قسه به عاسمان گوتن ده هاته به ر چاو. جا بۆیه یان گوێی نه ده دانێ یان ئه گه ربشی
نووسیبایه هێنده توند و ددان شكێن ده ینووسی ده یان كوت هه ژار بێ ره حمانه و بێ ئه ده بانه
موخالیفه كانی ده كوتێ. بڕواتان هه بێ هه ژار ناحه قی نه بوو چونكا ئه و كه سی ناخۆش نه
ده ویست هه ر كه س مامۆستا ناخۆشی ویستبێ عه یبێكی هه ر بووه . ئه وه ئه وان بوون حه
سوودیان به پله وپایه ی هه ژار داده هات و ئه ویان ده دا به رپلاری تیر و توانج.
هه ڵبه ت دژكاره كانی له وه شدا ده یان كوت هه ژار شاعیر نه بوو راستیان ده كرد. هه ژار
فیلسووف بوو.دانیشمه ندێكی زه مانی بوو. ئه گه ر پێی بڵێن شاعیر سووكمان كردووه - هه ر
چه ن له لایه ن حوكمه تی سه ر به خۆَی موهابادیشه وه له قه بی شاعیری میللی پێدرابوو- هه
ژار له نێو جه غزێكدا ده ژیا كه شاعیری بازنه یه كی چكۆله یه له نێوی دا.
من لێره دا نامه وێهه ر به قسه به به ژن و باڵای هه ژار دا هه ڵبڵێم. ناشمه وێ بێ ده لیل قسه
بكه م، ده مه وێ ئه و ره خنه گر و توێژه رانه ی ئاسیا و ئوروپا چۆنیان باسی لقه كانی شیعر
و دابه شكردنیان كردووه قسه كانی ئه وان دووپاته كه مه وه و به به ژن و باڵای شیعری به ره
و موكوریانی ببڕم كه پێم وایه تاقه شیعر وشاهكاری مامۆستا هه ژاره و تا ئێستا هیچ شاعێری
نه گه یشتۆته ئه و ئاسته هه ژار له م مه سنه وییه 600 به یته پێیگه یشتووه. نه له شیعری ئه
مڕۆدا نه له شیعری دوێنێدا.
با ئه وه شتان عه رز بكه م من بڕوام له سه ر كۆن ونوێ بوونی شیعر وه ك ئه و كه سانه نییه
كه ده ڵێن شیعری تازه ده بێ به فوڕمی تازه بنووسرێته وه. شێعر قسه نییه. شیعر شیره ی قسه
یه. شێعری له ساڵی 2002 دا دانرێ هه ر تازه یه مه گه ر بیرو بۆچوون و فه لسه فه ی كۆنی
تێدا گونجابێ. شێعریكیش ساڵی 2008 بنوسرێ به بیری كۆنه وه هه ر كۆنه . ئه دی ئه وه وه
زن و قافیه و قاڵب نییه شیعر تازه و كۆن بكاته وه. قافیه و كێش هه ندێ گرانه كاری هه ر كه
س نییه هه ر چه ند هه مووكه س ده یه وێببێته شاعێر جابۆیه ئه و رۆ شیعر له سه ر رێباری
ئه سڵی خۆی نه ماوه و ئه و رۆ شاعیری چاك به زه ڕه بینیش وه گیر ناكه وێ. باله مه تڵه ب
دوور نه كه ومه وه.
یه كێ له و مه به سته سه ره كیانه ی كه لێكۆڵه ران له مێژه بڕوایان پێی هه یه دابه شكردنی
شێعره به پێی ناوه ڕۆك و په یام و و ته یه ك كه ئه و بابه ته ئه ده بییه پێیه تی، نه ك قاڵب و
قافیه و حه رفی ئاخری شیعره كان وه ك ئێمه ی رۆژ هه ڵاتی كه شیعرمان به م پێیه نێوده نا.
ئه م شێوه ی ئێمه چه ن لایه نی خراپی هه بوو،یه كه م زۆر زوو له به ین ده چوون، دووهه م
نه مانده توانی هه ڵدان و گه شه كردنی لایه نێله ئه ده ب یان كزی و هاتنه خوارێی بابه تێ له
ئه ده ب بناسین و بدۆزینه وه، بۆ وێنه بزانین له چ چاخێكی مێژووییدا حه ماسه زۆر بووه،
شێعری عاشقی كز بووه ئه ده بی سۆفیگه ری باو بووه یان شیعری ته سویراوی و سوروشتی

بایه خی پێ دراوه یان نه دراوه. لێكۆڵه رانی ئورووپایی شیعریان به م چوارخانه دابه ش كردووه ئه ویش به پێی ناوه رۆك و باری عاتیفی مه به ستی شیعره كان. ئیدی ئه م به شكردنه سنوور ناناسی و تایبه تی به گه لێك یان وڵاتێكی تایبه تییه وه نییه. له ئه ده بی هه موو وڵاتاندا شه ریكییه و ده كرێ به كاری بێنین. چوار خانه ئه مانه ن یه كه م: ئه ده بی پێشانگایی واته سینه ما وتیئاترۆ كه له م دوایانه دا له رۆژ هه ڵات هاته ئاراوه و به داخه وه به تێكرایی شه رقییه كان له م ستێنه دا به قه ت رۆژ ئاواییه كان سه ر كه وتوو نین.
دو هه م ئه ده بی ته علیمی یان فێركاری كه زۆر له شیعری ئێمه له م بازنه دا بووه.سێهه م: ئه ده بی ئه و یندارى یان غه نایی كه به شی پتری شیعری ئێمه له م به ستێنه دا ده خولێته وه.
چواره م: ئه ده بی پاڵه وانه تی یان حه ماسی كه جگه له هه ندێله به یته كان نه بێ له ئه ده بی نووسراوه دا ئه م به شه شمان لاوازه به ڵام ئه وه ی هه یه زۆر چاكه و به تایبه ت مه به ستی سه ره كی مه قاله كه ی من له سه ر ئه م بابه ته ی شیعری به ره و موكوریانه كه هه ژاری ره حمه تی به لووتكه ی گه یاندووه. جا ئێستا به جیا جیا له سه ر سێ بابه تی دوایی له نێو شیعره شاكاره كه ی به ره و موكوریانی مامۆستا ده دوێم و پێم خۆشه ئه وانه ی له سه ر شاعیری مامۆستا دڵیان گه ردی تێدایه هه ندێ وردتر بیر بكه نه وه و تێ بگه ن هیچ كه س له شاعیرانی ئێمه به تایبه ت له م شیعره دا به م لووتكه ی شاعیریه تییه نه گه یوه.
1- لایه نی فێركاری یان ته علیمی له شیعری به ره و موكوریاندا
له پێشدا پێویسته بڵێم شیعری فێركاری شیعرێكه كه بۆ په ره پێدانی مه تڵه بێ كه شاعیر ده یه وێله سه رێ بدوێ حه و ل ده دا خوێنه رو گوێگر فێری بن واته شاعیر موعه للیم و مامۆستایه و گوێگر و خوێنه ر شاگرد ، شاعیر په یام و وانه كه ی خۆی له قاڵبی شێعریك و نووسراوه یه كدا به گوێی شاگردانی واته بیسه ر و خوێنه ر دا ده چرپێنێ و له راستیدا فێریان ده كا وه ك ئه و ده ڵێ وابن - فێر بن ئه م زانیارییانه ی شاعیر گوتوونی له ژیانی ئاسایی خۆیاندا ره چاوی كه ن، زۆربه ی په یامه كانی شیعری فێركاری كوردی ئێمه ئه مانه بوون - چاكه كردن و دووری له خراپه به پێی یاسا و دین و نه ریتی خۆمان، دژایه تی له گه ڵجه هل و نه زانی، نزیكایه تی له مه عنه ویات و ره چاو كردنی ره وشتی گه وره پیاوانی باش و به كه ڵك و ئایینی. جا بزانین مامۆستا هه ژار له م به ستێنه دا چی فێری شاگرده كانی ده كا هه ر چه ن ئه و هێنده حه ول و ده ولی له پێناوی وڵات خۆشه ویستییدا بووه كه نسحه ته كانیشی له وانه یه بچنه خانه ی حه ماسه وه كه له پاشان له سه ری ده دوێم.

راپه ڕێ كۆمه ڵی ژێ كاف كردی
چه په ڵی و دیلی له داوێن شردی
باغه كه ت پڕ له نه مامی به ر هات
كانی خوێن رشتن و دانی سه ر هات....
دوژمنت گه رچی به زۆری و گزه بوو
دۆسته بێگانه كه ش ئه و ده م قزه بوو

كه پێم وایه ئه م فێركارییه سیاسییه كه س وه ك هه ژاری نه زانیوه و نه یوێرایه به كراسی ناسكی شیعر، 40 ساڵ له مه و به ر بیدركێنێ.

ناهومێدی كوری كورد ناناسێ
باش ده زانێكه له خوێن مژ راسێ
خوێن رژا رۆڵه كوژا كه لله پژا
خوێن رژان خۆشه كه ئابڕوو نه رژا
نه چی دڵمه ندبی له وه ی هاته سه رت
زۆر كه سی وات هه یه بمرن له به رت
دوژمنت پێی وه نه بێ بۆی ده لوێ
كوڕه كورد خه نجه ره كه ی بۆ ده سوێ

ئاوینه خوێنی شه هیدان، نه وته
هه ڵده بێ و هه ل له ژیان هه ڵکه وته...
لاوی ئازاو کوڕی ره ندومه ندت
زۆر کچی گوڵ به ده م و لێو قه ندت
شان به شان ده س له ده سا گۆ ثه نده
ڕێکی یه ك دێنه شه نده و مه نده
که لێره دا مامۆستا به عاشیره ت به و مه سه له قه دیمیه ی که کورد ده ڵێ: شه نده له مه نده که متر نییه. ده یه وێگه لی کورد حاڵی کا که کورد هیچی له تورك و فارس و عه ره ب که مترنییه که ئه وان خاوه نی ئاو، خاك و سه ر به خۆیین و ئێمه ش هه ر ژێر ده سته ی وانین. به ڵام له کورده واریدا به تایبه ت له موکوریاندا هه ندێ یاری منداڵانه و لاوانه هه بوون که شه وگاری هاوین و رۆژگاری پاییز و زستانیان پێ ڕاده بوارد که ئێستا هیچ کامیان نه ماون و پێشکه وتی زه مان و هێرشی فه رهه نگی بێگانه دایماڵین و له یادانی بردنه وه، به ڵام خۆشه هه ژار وه ك ئه ده بی ته علیمی ئه م یارییانه بیری خه ڵك ده خاته وه و بۆ به ره ی داهاتووی ده گێڕێته وه. خۆزگه دڵسۆزێ وا هه بوایه ئه م یارییانه ی له پیره پیاوان که لاوانی ئه و سه رده مه بوون بپرسیایه و چۆنیه تی کردنی یاری و کایه کانیشان بنووسیبایه ته وه با هه ر له به ین نه چووبان شایه د به ره ی داهاتوو که ڵکیان لێ وه رگرت. هه ژار ده فه رمێ:
خواس وسه ر قووت و له خۆلا گه وزیو
پیتی، چووی په ل بوو به ده ستی قه ڵشیو
»ئێوهی« و »ته وغی« و »شه ککه و چك وپك«
لیکی زاری ده تکاندم تك تك
وه ك »هه لووك« لیره و له وێهه ڵده به زیم
»سواپ« و »شیشۆقه« بوو چاره ی وه ڕه زیم
»مه زره قم« یار و هه واڵ »مه ڕ مه ڕ « بوو
»قوچه قانیم« چه کی ڕاو و شه ڕ بوو
»خا زه ڵێ« و »حه نزه ڵ« و »ئاو رۆچکه« به گشت
»توپه ڕاکرن« و »که ری سووری« به پشت
یان »مه لا ته ق ته قه« یان »هه نگله شه له«
جێژ نه بوو ئه و هه له رۆ یی به په له
جه غز و سووڕدانێبه ده وری خۆما
له م هه موو چه رخه خولێکم بۆما
تازه وا بوومه ته گۆچان به ده سێ
لێم وه دی دێنه وه »حواله ی مه ره سێ«
رۆژی ماندوو به خه یاڵی شه و بووم
شه و له به ر به زم و گه مه م بێ خه و بووم
مامۆستا هه ژار کاتێ به خه یاڵ له هاواڵه شاعیره کانی ده پرسێ که ده گاته یادی هاورێ و برای سیاسی و شیعری و خۆشه ویستی له هه موان خۆشه ویستتری واته مامۆستا »هێمن« زیاده له هه موان و زیاتر بۆهه موویان هه ندێ گله و بناشتی شاعیرانه ره دو به ده ڵ ده کا که زۆر که سی دوڕنه ناس به دژایه تی ده زانن و ده یانه وێ به درۆ بیسه لمێنن که مامۆستا هه ژار، رقی له هێمن بووه و به کینه وه ئه م شیعرانه ی بۆ گوتوه. به ڵام ئه گه ر جوان شیعره که بخوێنیته وه بۆت ده رده که وێ که هه ژار، هێمنی، له هه موان زۆرتر خۆش ده وێ و به م گازنده یه بانگی ده کا بۆ لای خۆی و ده یه وێ هه ر هه ژار هێمنه که ی جاران بن. دیاره هێمنیش له هه موان باشتر له و شیعره حاڵییه و ده ست له هه موو شت ده شوات و به پیری رووده کاته عێراق و ده بێته ئه و هێمنه ی ئێستا له لووتکه ی شیعری موکوریان جێگه ی هه

یه. من ئه م شیعرانه به نێوی ئه ده بی فێرکاری لێره دا ده هێنم مه به ستم ئه وه نیه هه ژار له گه ڵ هێمن چ ده ڵێ. هه ژار به م شیعرانه هێمنی شاعیر و هه زاران هێمنی به ره ی داهاتوو نسحه ت ده کا و پێیان ده ڵێ:

نیشتمان هه ر که سێبۆی بمرێ نه مرد
له شی سه ر دۆشه که هیچ به هری نه برد
نیشتمان وه ك مه له نووسه ر باڵه
هه ر مه لێ باڵی نه بێجێی چاڵه

جا گوێێ بگرن له گازنده مێژووییه که ی هه ژار له هێمن که به پێی لێکدانه وه ی هه ژار و هێمن نه ناسان دژایه تییه، ده نا له راستیدا بانگهێشتی هێمنه بۆلای خۆی.

لێم گه رێ دڵ به زوخاو و خوێنم
باله دور دوره برا بدوێنم
کاکه مه رجی من و تۆ کوا وا بوون
که ری تیانا بوو له یه کدی جیا بوون
هه ر چی ده رد و کوڵه به رمن بکه وێ
تۆ وه کوو خۆشی به جێ مێنی له وێ
بیرو پێنووس و ده س و دڵ یه ك بوو
دوانه یه ك بوون و به ده م یه ك چه ك بوو
تۆ ئه وینداری ته لان و به رد بووی
تۆی سای گه ردن و زێری زه رد بووی
بولبولی کورد وه کوو قه ل ده نوێنێ
بێژی بێ بۆکوڕی شار بخوێنێ
باڵی بشکێ و په ڕ و پۆی هه ڵبوه رێ
مه ل بکا زمزه مه بۆجا شه که رێ
ئه وه چت کردووه بێمن هێمن!
تیرو تانه ت فره لێمن پێمن
نه تکرا بدڕی له خۆت ئه و په رده ی
ده ست له گۆشتاوو پڵاوێبه رده ی
لێم ببووره که ئه وه ند به ر لۆمی
شینه بۆ خۆمی ده که م تۆش خۆمی
ئێسته که ش نه چووه بچێ چوو رۆیی
وه ره وه ناو گه ل و خزم وخۆیی
بۆ گه لت بێژه هه تا رۆژی مه رگ
بێ منه ت بێ تمه ن و نان و به رگ
با ده سه و مل مه لی بێچاران بین
هه ر هه ژار هێمنه که ی جاران بین

دیاره باری ته علیمی شته که ده گاته کامه ڕاده که هه ر شاعیرێ گوێی له م شێلانه ی دوو شاعیری گه لی هه بێ قه ت قه ت دڵی نایه وه ك هه ژار و هێمن نه ژی. ئه گه ر مامۆستا هه ژار، مامۆستا هێمنی ناخۆش ویستبا له شینگێڕه که یدا ئه م مسره عه مه حشه ره ی به شیوه رێنووسی کوردی به پیتی ئه بجه د به ماده ت تاریخ بۆ دانه ده نا که هه ر کاری هه ژاره و هیچ که سی دیکه. له دوایین به یتی شێعره که دا ده فه رمێ»منیش وه ك تۆ قه ڵسم له ژیان »بۆ چت جێهێشتم هێمن گیان« که میسره عی دووهه م ده بێته 1365 ساڵی فه وتی مامۆستا، دیاره ئه وه ی ژوماره ی حیسابی ئه بجه د ده زانێ ده بێئه وه ش بزانێ که »چ« و »گ« له ئه بجه د دا نییه به ڵام »چ« هه روه ك»ج« ژوماره ی 3 یێه و »گ« وه ك »ك« ژوماره ی 20ه. به

م به شه ی خواره وه و ئه م دوايين فاكته كۆتايی به به شی ته عليمی دێنم و ده چمه سه ر به شی ئه وينداری. گۆيا سه ردار عه زيز خانی بێستوويه كه وه شه له يه ك كه له خوێندنی دا بۆ ڕاوه كه و و پێوه كردنی هاوره گه زانی زۆر ئازابووه و به نرخی 30 زێڕفرۆشراوه ده يكڕێ و له به ر چاوی مشته ريه كه و بازه كاندا ملی هه ڵ ده كه نێ و ده فه رمێ : هه ركه سێبيه وێ هاوڕه گه زانی خۆی بكا به داوه وه قيمه تی ئا ئه مه يه« بروانننه ئه م به شه له شيعری به ره وموكوريان كه مامۆستا دێته وه بۆكان به خه يالّ:

به س خه والّوو به خه يالّ بڕوانه
شاری بۆكان وه كوو بووكان جوانه
مێشه يه باغه گوڵستانه چه مه
لاوی لاو لاوه كچی غونچه ده مه
ئاوی چاوێ له دڵی ئه و دايه
چاوی قرژاڵی له به ر هه ڵنايه
مانگ له مێژ ساڵه له رێدا فێره
وه ك تريفه ی مه له وان بێ لێره
تۆش بچۆ گيان و دڵيش ئاماده ن
ترسوو داماڵن و خۆپێ داده ن
مارو جرجی عه جه مو نايه نه به ر
شه و له ترسا له كونان نايه نه ده ر
ئه و قه ڵايه ی كه به رز وێستاوه
دوور له ئێستا كه هه وار گه ی پياوه
سه ر سه راو كۆشكی گه لێ سه رداره
بۆته به ردار چ خودا به ر داره
كورده نامووسی فرۆشرا به چڵه
گای شڵه گشتی له خۆ بوونه مڵه
هه ر كه سه ی ببوه كه وی ده ست دوژمن
ده يه ويست ميلله ته كه ی خۆی قڕبن
دان دران تا كوو له كێو كه و ده فڕی
كاتێ تاران سه ری وانيشی بڕی
كه وی سه رداری له بيرمان ماوه
كه له سه ر چی سه ری هه ڵقرتاوه
به سه خۆی رێژی به سه ر زامان دا
با نبۆرين وه هه موو لامان دا
ئيسته ياران وه كوو جاری جاران
شه و نشينيانه له پای ديواران
ئه مجه د و قاضی و مه لا ريشی حه سار
كێ به داخ و كوڵه بۆ ره نجی خه سار...
خێوی كه و خاسه كه وێ له شوێنێ
به دڵ »ئاواته« كه بۆم ده خوێنێ
راوكه ری ته پله له سه ر له و ناوه
له گه ڕه و داوی له ده وره ی داوه....

2- لايه نی غه نايی و ئه وينداری به ره و موكوريان

ئه م به شه له شيعر له كورديدا ئه ويندارى پێ ده ڵێن و له عه ره بيدا غه نايی و له رۆژاوا »ليريك« و به و شێعر و هه ڵبه ستانه ده ڵێن كه ده كرێ له گه ڵ ئامێرێكی مۆسيقا كه ڵكی لێ

وه ربگیردرێ. یان به واتایێ دیکه باسی هه ست و نه ست و بیرو هزری شاعیر ده کا و شاعیر له گه ڵ شه خسی شاعیرییه تی ده روونی ده دوێ. منی شێعرییه که ی هه ر خودی خۆیه تی و گریان و پێکه نین و خۆشی و ئازاره کانی خۆی به شێعر پیشان ده دا به رانبه ر به خودا، کۆمه ڵ، بنه ماڵه، مرۆڤ، نیشتمان، به شه رییه ت و ...

زۆر که س پێیان وایه شیعری ئه ویندارى دواى ئارامشی بنیاده م له پاش شه ڕ و هه ڵا و گرفت و کێشه ی سیاسی ولێك هه ڵبه زینه وه کانی بنیاده مدا هاتووه، به ڵام ئه وه ی راستییه که ی بێ، شیعری دڵی شاعیره، له م به ستێنه دا شاعیر ئه و شته ده خولقێنێ به جه وهه ری فرمێسك و قه ڵه می مژوڵ له سه ر سپیایی په ڕه ی کاغه زه ی دڵی ده یان نووسێته وه . هه رکات که به ر چاوی خوێنه ر که وت و به دڵ چه شتی، وه ك سیمکه شی هه سته، که به ویش مونته قیل ده کرێ و بۆ لای ئه ویش ڕا ده گوێزرێته وه. با بزانین هه ژاری ره حمه تی له م به ستێنه دا چ گه وهه رێکی له شیعره نایابه که ی به ره و موکوریاندا پێشکه شی خوێنه ران و کۆمه ڵی کورده واری کردووه.

کاتێ به خه یاڵ له بۆکان و ده ورو به ر سه یر ده کا، له داوێنی کێوی پیرموحه ممه دی بوغده داغی ده چێته سه ر قه بری یه که م خێزانی که به جوانه مه رگی کۆچی دوایی کردووه و له وێدا شاکارێ ده خولقێنێ که به بێ روبینی عه رز و بکه م له شینگێری نیزامی بۆ خێزانه که ی له زمانی قاره مانێکی داستانه که ی ده گێرێ چی وای که متر نییه. له پێشدا ئه وه بزانین له بڕوای قه دیمی خه ڵکی ناوچه دا وا باو بوو که ئه گه ر گیان له به رێکی حه ڵاڵ گۆشت و ه ك مریشك و مه ر و شتی وا له سه ر خاکی ئه و پیر موحه ممه ده سه ر بڕ درێ و خوێنه که ی له گه ڵ خۆڵه که لێك درێ مه ڵحه مێکه برینی تیراوێ و بیرۆ و شتی پێستی پێ چاك ده بێته وه. جا هه ژار وه ك رۆشنبیرێکی کورد له م بڕوا عه وامانه ئاوا عالمانه و شاعیرانه که ڵك وه رده گرێ:

»یادی جوانه مه رگێك«

پیرموحه ممه د ته ڕه تیراوێی دڵ
تۆز و هه توانی ده ست خوێنه و گڵ
گیانه پڕسۆیه برینێ ده رکا
گه شه خوێنا وێ له چاوم سه رکا
جوانه مه رگێهه یه له و داوێنه
خاکی نمدار که مه وه به و خوێنه
جه رگی تۆو به رگی ژیانی من بوو
گه و هه ری نه رم و نیانی من بوو
به ر له رۆژانێ ئه وم پێ ناسی
سه ر له سوورڕا بوو به گێژی و کاسی
ده س له دڵ ته نگتر و نازشێواو بووم
زۆر له داماوی پتر داماو بووم
گیان له خۆیلێنێ گومانا وێڵ بوو
بواری به ر باری به دیمه ن لێڵ بوو
داری ئاوات و هومیدان باریك
ته م ته نی بووی سه رو به ر چاو تاریك
له پرێ په ریه کی نازدار و شه پاڵ
ئاسکێ ناسکی شیرین خه ت و خاڵ
بوو به ده س گرته م و شایی شاندام
رووبه رووی باغی ژیانی هاندام
رابه رم بوو له رچه ی دڵ پته وی

وره به ر بوونی نه بوو ببوه كه وی
كیژی تۆ بوو به فریشته ی به ختم
ته ختی كرد كه ندو كڵۆی ڕای سه ختم
تای ژیانی له ژیانم هاڵاند
تا ئه وم بوو له ژیان نه م ناڵاند
شه و چرایه ك بوو له رۆژی ره شما
به ختی بێدار بوو له ناو باوه شما
گیژه ڵووكه ی ره شه بای مه رگی نه كاو
گشته كه ی كرده وه یه كباد و خاو
هه ڵوه ری سووره گوڵی بولبولی دڵ
شینی بۆ ماوه له جێی چۆڵی چڵ
تازه په روا نه ده سووتا باڵی
بای نه هات شه وقی شه ماڵی ماڵی
یار له گه ڵ به ختی هه ژار رێك كه وتن
دوو رله من چوون و له خاكا خه وتن
گه رچی خوای گه وره به زه ی خۆشی نارد
گه ڕی گه ردوون چ بوو تاوانی بژارد...
هێشته تا باله موكوریانه وه دێ
نیازی سه ردانه به لای گیانه وه دێ
دڵ ده ورتێنێ له سوێی ئه و ناوه
سه ره تیریكی تیا جێماوه
جار و بار خوێن ده ده ڵێ و دێته و ه سۆ
خوێن و گڵ تێكه ڵه هانامه به تۆ
پیری دڵچاك ئه وه خۆت و ئه وه دڵ
دڵه ئارام به له ده رمان مه كه سڵ
به ڵام هه رله و به شه له شیعری به ره و موكوریان دا كاتێ رووده كاته شاری بۆكان، ئا به م چه شنه هه ست و سۆزی دڵی هه ڵده قوڵێ و مانگ ده كاته سه نگی سه بووری خۆی و له گه ڵی ده دوێ:
مانگه هه ر چه ن به له زی ئه یزانم
لێم گه ڕێ تۆزێ تریش بڕوانم
سه ر بكێشم به بڕێك ماڵاندا
چاو بگێرم به خه ت و خاڵاندا
كیژه بۆكانی خه واڵووی نازن
پاو پووز رووتن و پێیسیروازن
زه رده مه م دیاره كه خاوه ن خه وتوون
بۆ پشوودان له كراس ده ركه وتوون
پرچی ئاڵۆز كه له سه ر له شیانه
شه وه زه نگ داگری ئاوی ژیانه
مانگ ئه گه رتیشكی بداری نوێنه
شنه با بسك و كه زی بزوێنه
هه له تا چاوی خه واڵوو مه ستن
تا جه زایرچی به یان بێ هه ستن
دڵ خۆ تێر كه له سه یری جوانی

رێت هه یه چه ن به خه یاڵ بڕوانی
هه ر وه ك عه رزم كردن خۆشه ویستی دایك و باب و وڵات و كێو و كه ژ و نیشتمانیش هه ر له بازنه ی ئه ده بی ئه ویندارى یان لیریك دا جێگه ی ده بێته وه به و شه رته هه تا باسی زوڵم وسته می زاڵمان ولێقه و مان نه كا ده نا ده چێته نێو بازنه ی حه ماسه وه، چونكا قه هره ن له وه ها كاتێكدا باسی قاره مانه كانی نه ته وه ش ده كرێ كه قاره مانه تی یه كێ‌له تایبه تمه ندییه كانی حه ماسه یه. كاتێ مامۆستا هه ژار ده گاته وه موهاباد له شیعرى به ره و موكوریان دا، مه رزى ئه و ین وحه ماسه وه ها تێكه ڵ ده كرێ كه به هیچ هیرمونوتیك و لێكدانه وه ی لیك جیا نابنه وه . دێره كانی ئاخرى ئه م فاكته به ته واوى ده چنه خانه ی حه ماسه وه به ڵام بۆنه پسانه وه ی شیعره كه هه ر ده یهێنمه وه.

دڵه وا شارى موهاباده وه ره
كابه ته رووگه ته كڕنۆشێ به ره
تۆزێ له و خاكه به سه ر خۆتا كه
تۆزى پیرۆزه له دونیا تا كه
تۆزى چاوى دڵی نابینا یه
لێره كڵ بوو كله كه ی سینایه
له چ جێ ناوى موهاباد بێنی
بۆ هه موو چاوێ به رز ده نوینی
هه ر هه بێ شارى نه به ردى ومه ردى
جوانترین پارچه به هه شتی هه ردى
ره وه ز و لانی پڵینگ و شێران
جێی به خوێن رشتنی خوێن مژفێران
باوه شی گه رمی بداق سوڵتانی
لێره وه تێ په ڕى غه وسی سانی
گیانی خۆى داوه به تۆ شێخ بابا
باوى شادى بوو ئه گه ر ئه و مابا...
گوللـه سێ تیرى تفه نگی سمكۆ
كه للـه سه ربازى له تۆ كردن كۆ...
ره گ و خوێن، هێز ودڵی ئه ژنۆ بووى
خه و په ڕین و دنه ده ر هه ر تۆ بووى
كیژ و لاوێكه به خێوت كردن
كێ‌ده زانێ چییه ترسی مردن؟
ئه وكچه ی خشڵی سه رى په لكی گوڵن
گرژى رووى دوژمن و ئاگر له دڵن
رۆژى خۆشی كه بزه ی ده م چه مه نن
رۆژى مه یدان به مه رگ پێ ده كه نن.